Liverpool University Hospitals
NHS Foundation Trust

زانیاری نەخۆش

# فەحسی دانیشتن و هەستان

## زانیاری بڕواپێکراو

ئامانجی ئەم فەحسەی دانیشتن و هەستانە ئەوەیە توانایی وەرزش و هێزی ماسوولکەکانی قاچت هەڵسەنگێنین.

بۆ ئەم جووڵانەوە، دەبێ لەسەر کورسییەک هەستیت ئەوەندەی قاچت ڕاست بێتەوە و پاشان لەسەر کورسییەکە دانیشیت و ئەمە یەک خولەک دووپاتە بکەیەوە. دەبێ بتوانیت لانیکەم 5 جار ئەمە دووپاتە بکەیەوە.

بە ژماردنی پێچەوانەی "3، 2، 1 دەسپێک" فەحسەکە دەست پێدەکات و کاتێک لە 15 چرکەی کۆتایی نزیک بوویەوە، ئاگادار دەکرێیەوە. دەتوانیت بەو خێراییەی هەتە هەر بەردەوام بیت و گەر پێویست بکات پشوو بدەیت.

فەحسەکە پاش دوو خولەک دووپاتە دەکرێتەوە.

**فەحسی دانیشتن و هەستان** لەڕێگەی کورسییەکی بەبێ دەسکەوە بە بەرزایی ستاندارد (نزیکەی 45 سانتیمەتر) جێبەجێ دەکرێت. کورسییەکە پشت بە دیوارەکە دادەنرێت.

- ڕاست لەسەر کورسییەکە دادەنیشیت وەها کە ئەژنۆ و سمت گۆشەی 90° دروست بکەن. قاچت زۆر ڕاست لەسەر زەوی زۆر ڕاست دەبێت و بە پانایی سمت دەکرێتەوە.
- نابێ دەستت بجووڵێتەوە هەربۆیە داوات لێدەکرێت دەستت لەسەر سمتت دابنێیت ( یان لەسەر سنگت کۆی کەیەوە).
- پشکنەرێک لەسەر پەنجەت دادەنرێت بۆئەوەی پرتەی دڵ و ئاستی ئۆکسیجینت بپشکنێت.
- دەبێ ڕاست ڕاست بوەستیت و دوبارە دانیشیت و ئەمە بۆ یەک خولەک دووپاتە بکەیەوە. هەموو جارێ کە دووپاتە دەکەیەوە، دەبێ سمتت لەسەر کورسییەکە بێت.
- فەرمانبەران پشکنینی هەموو ئەو زانیاریانە دەکەن بەدەستی دێنن، بریتی لە ژمارەی ئەو جارانەی دەتوانیت لە ماوەی یەک خولەکدا دانیشیت و ڕاوستیت و گرنگتر لەوە پشکنینی تێبینییەکانی تۆ وەک ئاستی ئۆکسیجین لە لەشتدا دەکەن.
- دەبێ لانیکەم 5 جار دانیشیت و هەستیت بۆئەوەی فەحسەکەت قبووڵ بکرێت.
- **لەبیرت بێت:** ئەم فەحسە بەپێی خێرایی تۆیە و هەرکات پێویست بوو دەتوانیت، فەحسەکە بوەستێنیت و پشوو بدەیت.

**کاردانەوە**

کاردانەوەی تۆ بۆ ئێمە گرنگە و بۆ کاریگەری لەسەر چاودێری لە داهاتوودا یارمەتیمان دەدات.

پاش ئەوەی لە نەخۆشخانە مەرخەس کرایت یان پاش ئامادەبوون لە کاتی چاوپێکەوتنی سەرپێی خۆتدا، کورتەنامەیەکت بۆ دێت لەودا پرسیارت لێدەکرێت حەز دەکەیت خزمەتگوزاری ئێمە بە کەسانی تر پێشنیار بکەیت. تکایە کورتەنامەمان بۆ بنێرە، تێچوونی ئەم پەیامەت لێ وەرناگرینەوە و هەرکات حەزت کرد دەتوانیت کەنسڵی کەیەوە. سپاس بۆ هاریکاریت.

<u>**زانیاری زیاتر**</u>

**هەموو بیرەکان گرنگن (Every Mind Matters)**
**https://www.nhs.uk/oneyou/every-mind-matters/**

All Trust approved information is available on request in alternative formats, including other languages, easy read, large print, audio, Braille, moon and electronically.

يمكن توفير جميع المعلومات المتعلقة بالمرضى الموافق عليهم من قبل ائتمان المستشفى عند الطلب بصيغ أخرى، بما في ذلك لغات أخرى وبطرق تسهل قراءتها وبالحروف الطباعية الكبيرة وبالصوت وبطريقة برايل للمكفوفين وبطريقة مون والكترونيا.

所有經信托基金批准的患者資訊均可以其它格式提供，包括其它語言、 易讀閱讀軟件、大字

體、音頻、盲文、穆恩體（Moon）盲文和電子格式，敬請索取。

در صورت تمایل میتوانید کلیه اطلاعات تصویب شده توسط اتحادیه در رابطه با بیماران را به اشکال مختلف در دسترس داشته باشید، از جمله به زبانهای دیگر، به زبان ساده، چاپ درشت، صوت، خط مخصوص کوران، مون و بصورت روی خطی موجود است.

زانیاریی پێوەندیدار بەو نەخۆشانەی لەلایەن **تراستەوە** پەسەند کراون، ئەگەر داوا بکرێت لە فۆرماتەکانی تردا بریتی لە زمانەکانی تر، ئیزی ڕید (هاسان خوێندنەوە)، چاپی گەورە، شریتی دەنگ، هێڵی موون و ئەلیکترۆنیکی هەیە.

所有经信托基金批准的患者信息均可以其它格式提供，包括其它语言、 易读阅读软件、大字体、音频、盲文、穆恩体（Moon）盲文和电子格式，敬请索取。

Dhammaan warbixinta bukaanleyda ee Ururka ee la oggol yahay waxaa marka la codsado lagu heli karaa nuskhado kale, sida luqado kale, akhris fudud, far waaweyn, dhegeysi, farta braille ee dadka indhaha la', Moon iyo nidaam eletaroonig ah.